کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 16:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## با نووسینگەی پەرلەمانی هەڵەبجە دابخرێت ... ئیسماعیل عوسمان



هەڵەبجە شارێك یا زەمەن زوڵمی لێكردووە، یان دەسەلات، یان خوا. هەرچەندە ئەم شارە بەردەوامیش لە خەیاڵدانی تاکی کوردیدا بووەتە ڕەمزی مەزڵومیەت ناساندنی میللەتێك بەهەموو ئەو وڵاتانەی کە ناوی کوردیان نەبیستبوو، بەلام بۆ هەڵەبجەییەکان ڕەمزێکە لە وێرانەیی.
پێناچێت زەمەن و خوا زوڵمیان لەو شارە کردبێت، بەلام ئەوەی کە هەیە ئەم شارە زوڵم لێکراوە، هاولاتیانی ئەو شارەش بوونەتە قوربانی، لە ئێستادا دانیشتوانی هەڵەبجە جەستەیەکی شەکەت و ماندوو لەدوای جەنگ پێویستیان بە پشوویەکە بۆ ئارامی.
بەردەوامیش بۆئەوەی کە حکومەت سۆزێك بۆ هەڵەبجەییەکان نیشان بدات، کۆمەڵێك دامەزراوەی حوکومی لەو شارەدا دەکەنەوە، بەلام ئەم دامەزراوانە تاچەند ڕۆڵی ئەکتیڤیان هەیە لە بەدەمەوەچوونی کێشەکانی ئەو شارەدا، ئەوەیان پرسیارێکە وەلامەکانی لەلای خەڵکی ئەو شارەیە، نەك دامەزراوە و نوێنەرە حکومییەکان؟

نووسینگەی پەرلەمانی هەڵەبجە کە یەکێکە لە دامەزراوەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێویستبوو زۆرێك لە کێشەکانی ئەم شارە لەڕێگای ئەم دامەزراوەیەوە بگاتە ناو هۆڵەکانی پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرایە، قوربانییەکانی چەکی کیمیاوی لەڕێگای ئەم دەزگایەوە داکۆکیکردن لە مافەکانیان بکرایەو خواستەکانیان بخرایەتەبەردەم حکومەتی هەرێم و خەمێك لە چارەنووسیان بخورایە پێش مەرگیان، بۆئەوەی کە چیدی لەناو کەسوکارە بەشمەینەتەکانیاندا گیانیان بە خاك و خودا نەسپاردایە.

سەرەڕای ئەوەش کە زۆرێك لە خۆپیشاندانەکانی گەنجان و خوێندکارانی هەڵەبجە بۆ بەردەم نووسینگەی پەرلەمان بەدەممەوە چوونی کێشەکانیان و ئاوەڕدانەوەیەك بووایە لە دەنگی ناڕەزاییان. سەرەڕای ئەوەش جاککردنی هەموو ئەو شۆستەو شەقامانە بوایە بۆ گەنجان کە ناتوانن پیاسەیەکی ئێوارانی تێدا بکەن.

بۆئەوەی پەرلەمانتارەکان لەو شارەدا بێکار نەبوونایە و ڕۆژانە کەمتر لەچەند خولەکێك بە کێشەکانی ئەو شارەوە خۆیان سەرقاڵکردایە، تا مووچەکانیان لەئاست کارەکانیاندا بووایە. بەلام ئەو هەموو فەوزایەی کە لەو شارەدا هەیە پێناچێت نوێنەرەکانی پەرلەمان لەو شارەدا ئاگاداربن، بۆ ساتێك لە نووسینگەکانیان بێنەدەرەوە و گوێ لە داخوازییەکانی ئەو خەڵکە بگرن کە لەشارێکدا دەژی دەڵێیت لە مێژوو بەجێماوە. سەرباری ئەوەش قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە کەلاوەکانی شار دەژین و بەرپرسەکانی شاریش لە باڵەخانەکانی نیشتماندان. ئەو مرۆڤانەی کە لەم شارەدا دەژین کەسانێکن بەردەوام لە چاوەڕوانیدا، بە هاتنی هەر بەرپرسێك بۆ ئەو شارە هیوایەکی بۆ دروست دەبوو.
بەلام لەئێستادا خەڵکی ئەو شارە بێ هیوا بوون لەهاتنی هەر بەرپرسێك بۆناوچەکەو نوێنەرەکانی نوسینگەی پەرلەمان هەڵەبجەش، ڕۆشتنی خەڵکانی ناوچەکە بۆ بەردەم بینای پەرلەمان لە هەولێر، تێپەڕاندنی هەموو ئەو کارانەیە کە نوێنەرەکانی پەرلەمان لەو شارەدا هەیانە. پێدەچێت ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پەرلەمانتارانە کاریان بۆ دابینکرابێت، بۆ ئەوەی مووچەکەیان بۆ پێبدرێت، تا وەك هەزاران فەرمانبەری دیکەی ئەم وڵاتە مووچەی بێکار وەرنەگرن.
من پێموایە کە ئەم دامەزراوە پەرلەمانییە ڕێگەی لە دروستکردنی پرۆژەی دیکە گرتووە، چونکە پرۆژەیەکە هێندە پاسیڤە ناتوانێت بچووکترین داواکاری خەڵکی ئەو شارە جێبەجێ بکات. سەرەڕای ئەوەی بەزەیشم بەوپۆلیسانەدا دێتەوە کە پاسەوانی بینایەك دەکەن کە ناتوانێت کەمترین هەوڵ لەپێناو خزمەتگوزاری ئەو شارە بخاتەگەڕ، لەبەر دەرگای دەزگایەك دادەنیشن کە دەسەڵاتی لە سنووری دەزگاکەدا تێپەڕناکات.
بوونی بینایەکی پەرلەمانی لەوجۆرە لە قازانج و سوودی هاوڵاتیانی خەڵکی ئەو شارەدا نییە. تکا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەین کە ئەو خەڵکانەی لەوێدا کاردەکەن خەمێك لە چارەنووسیان بخوات و بیناکەش بداتە دامەزراوەیەکی حکومی دیکە، چونکە هەڵەبجە شارێکە بی ئومێدبوو لە بەرپرس و نوێنەرەکانی، مێژووی ئەو شارەش دەیسەلمێنێ کە کارەکان لەو شارە بووەتە جێگای ململانێی هەموو ئەو بەرپرسە حزبی و حکومیانەی کە لەناوچەکەدا بوون و هەڵەبجەش بووەتە قوربانی ئایدۆلۆژیای گشت پارتە سیاسییەکانی ناوچەکە.
تکایە سەرۆکی پەرلەمان نووسینگەی هەڵەبجە دابخە، بەڵام نوێنەرەکانمان بێ ئیش مەکە! بەڵکو لە شوێنێکی باشتر کارێك بۆ پەرلەمانتارەکانمان دابین بکرێت.
ئەو مووچەی کە مانگانە دەدرێت بە فەرمانبەرەکانی نووسینگەی هەڵەبجە، بیدەنە ئەو کەسانەی کە تاوەکو ئێستا هەناسەکانیان بۆنی کیمیاوی لێدێت و مەرگ هەڕەشە لە جەستە و گیانیان دەکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.